www.kurdistannet.org
13/07/2003 23:02

# چەند ووتەیەکی بڵاونەکراوەی زیندەیاد د. قاسملوو ۱۹۳۰-۱۹۸۹
# بۆ یەکەم جار لە کوردستانیێتدا بڵاو دەکرێتەوە

**'گە ڵاڵە ، باشووری کوردستان، ساڵی ۱۹۸٤، دەورەی کادیرەکان،**
**دەرسێک سەبارەت بە درووشمی بنەڕەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران'**
**لە یادی چواردەمین ساڵی تیرۆرکردنی د. قاسملوو**

**ئامادەکردنی: س. ماکوان**
makwan@ikurd. com



**بەشی چوارەم: بۆ بینینی بەشەکانی تر ئێرە کلیک بکە.**

زۆر جار گوتومانە بەڵام خراپ نیە تیکراری –دووپات- بکەینەوە وەک لە پێشدا باسمان کرد، شتێکمان دەوێ وەریبگرین کە خەڵکی کوردستان ئێحساس بەوە بکا کە بۆ خۆی حاکمی چارەنووسی خۆیەتی. ئەوە لە هەموو شتێک گرنگترە. جا ئەوە بە چی جێبەجێ دەبێ؟ بە چەند شت: یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزی و سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختار جودا بکەینەوە. چی لە سەلاحیەتی ئۆرگانەکانی خودموختاردا هەیە؟ چی لە سەلاحیەتی دەوڵەتی مەرکەزیدا هەیە؟ ئێمە دەڵێین بێجگە لە مەسەلەی ئەرتەش، مەسەلەی ڕەوابیتی، پێوەندییەکانی دەرەوە، مەسەلەی دانانی پرۆژە یان بەرنامەی درێژخایەنی ئابووری کە خەرجێکی مەعمولەن زۆری دەوێ و سیستەمی بانکی و پوڵی، بیجگە لەوانە نەزەرمان ئەوەیە کە هەموو سەلاحیەتێکی دیکە بدرێ بە ئۆرگانەکانی خودموختار. بە تایبەت مەسەلەی {سەلاحییەت} لە دوو بارەوە بۆ ئێمە موهیمە:

یەکەم:

بریتییە لە ڕاگرتنی ئەمنیەتی نێوخۆی کوردستان، تازە تاریخی میللەتی کورد وایکردووە کە ئێستا میللەتی کورد ڕقی لە ئەمنییە، ڕقی لە ژاندارمێری و ڕقی لە پاسدارە. دەیهەوێ ئەو ئێحساسی حاکمییەتە کە لە ئەودا هەیە بۆ خۆی {بە کاری بێنێ} و دەیهەوێ بۆ خۆی ببێ بە پۆلیسی خۆی و ژاندارمی خۆی و کەسی دیکە ئیدی لە جێگای دیکە نەیەو ببێ بە ژاندارمری ئەوو زوڵمی لێبکا. ئەوە کە وابوو، ئەمنییەتی داخیلی کە ئێمە ئێسرارمان {لە سەری} هەیە دەبێ بە دەستی ئۆرگانەکانی خودموختارەوە بێ.

دووهەم:

باریزترین عامیلی مەوجوودیەتی نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە زمانە. دەمانهەوێ زمانی کوردیش وەک زمانی ڕەسمی لە کوردستاندا بناسرێ. دیارە دەڵێین زمانی فارسیش لە گەڵ زمانی کوردی لە مەدرەسەکاندا هەبێ. چونکە لە ئێراندا دەمانهەوێ لە گەڵ خەڵکی دیکەش ببین، منداڵەکانمان کە ئێستا دەچنە مەدرەسەو بە زمانی کوردی دەخوێنین سبەی بتوانن لە گەڵ میللەتەکانی تریش قسە بکەن. جا ئەگەر فارسی نەزانن ناتوانن لە گەڵ تورکێک قسە بکەن یان لە گەڵ عەرەبێک یان لە گەڵ فارسێک. کەوابوو ئەوەش پێویستە بۆیە زمانمان پێ گرنگە. چونکە {وەک} گوتم لە واقێعدا {زمان} باریزترین عامیلی فەرهەنگی نەتەوەییمانە. پاش زمان مەسەلەی دیکە ئەوەیە ئەو خودموختارییەی کە باسی دەکەین، دەبێ لە کوێ تەدبیق بێ؟ خۆ دەبێ جێگایەکی دیاری بکەین

یانێ خاکی کوردستان دیاری بکەین. ناکرێ خودموختاری هەبێ {بەڵام} نەزانین لە کوێ تەدبیق دەبێ؟ هێندێک کەس وا حاڵی دەبن، ئەوە دەمانهەوێ سنوور بکێشین. نەخەیر سنوور ناکێشین. ئوستانەکانی ئێرانیش خۆ سنووریان هەیە. . . . {بۆ نموونە} ئەگەر دەمانهەوێ دەرسی کوردی بدەین. . . دەبێ بزانین هەتا کوێ دەرسی کوردی دەدەین هەتا چ ناوچەیەکی کوردستان؟. . . . دەرسی کوردی دەڵێین و لە کوێ نایڵێین؟ کەوابوو دەبێ چوارچێوەی جوغرافیایی ناوچەی کودستانیش دیاری بکرێ. ئەوەش بۆ ئێمە شتێکی ئەساسی و گرنگە. بە نەزەری ئێمە حەقە کە هەم لە باری تاریخی و هەم لە باری عەمەلییەوە لە ئەساسدا چوار ئوستانی ئێران بە شتێکی کەم یان زیاد بە کوردستان بزانین {وەک} ئازەربایجانی غەربی، کوردستان {ئوستانی کوردستان}، کرماشان و ئیلام. دەمانهەوێ ئەو چوار ئوستانە ببنە یەک ناوچە، ناوچەی خودموختاری کوردستان و لە ئەوێدا ئەو داخوازانەی کە هەمانە پیادەی بکەرێن. ئەو چوار ئەسڵەی باسکران بۆ ئێمە لە هەموو شتێک موهیمترن.

بەڵام {با جارێکی دیکە} بگەڕێینەوە سەر چوار ئەسڵەکە یانێ مەسەلەی سلاحییەت و دیاری کردنی سلاحییەتەکان، مەسەلەی ئەمنیەتی داخیلی، مەسەلەی زمان و مەسەلە سنووری جوغرافیایی یان چوارچێوەی جوغرافیایی. ئەگەر ئەوانەمان {چوار ئەسڵەکە} حەل کرد، مەساییلی دیکە ئاسانتر حەل دەبن. بەڵام با بگەڕێینەوە سەر ئەرتەش. چونکە لێرەدا مەسەلەیەکی حەساسە. هێندێک بە من دەڵێن باشە ئەگەر ئەرتەش لە کوردستان بوو، هەر کاتێک پێی خوش بێ دەتوانێ خودموختاریمان لێ بستێنێتەوە. ئەوە واقەعیەتێکە کە ئێمە {بۆ پاراستنی خودموختاری} دوو زامنمان هەیە. هەتا ئەو وەختەی کە دیمۆکراسییەکی پەیگیر —سەقامگرتوو، بەردەوام– لە ئێراندا پێکنەهاتووە. . . ناچارین چەک هەڵبگرین {چەک دانەنێن}. بەڵام ئێمە ئەگە خودموختاریمان دەوێ دەتوانین بڵێین {کوردستان} ئەرتەشی تێدا نەبێ؟ ئەگەر ئەو داوەیەمان کرد، ئەرتەشیپمان وەدەرنا، مانای ئەوەیە ئیدی ئەوە خودموختاری نیە، ئەوە زیاترە. لە خودموختاریدا، لە هیچ جێگایەکی دنیادا، شتی وانیە کە دەوڵەتی مەرکەزی ئەرتەشی نەبێ بۆ دیفاع لە سنوور. بەڵام ئەگەر وەزیفەی ئەرتەشمان لە رژێمێکی دیمۆکراتیکدا دیاری کرد، هەروەها کە هاتووە ئەرتەش حەقی دەخالەتی لە ئمووری کوردستاندا نیە و ئەرتەش نەبوو بە عامیلی سەرکوت، ئەو وەختە بوونی ئەرتەش هیچ موهیم نیە یان ئیشکالی نیە. هەروەختێک خەتەرێک پەیدا بوو بۆ ئیستقلالی ئێران و تەواوەتی ئەرزی ئێران لە دەرەوە، ئەرتەش بابچێ دیفاعی لێبکا. بەڵام ئەرتەش نابێ ببێ بە عامیلی سەرکوت لە کوردستاندا، یانێ {بوونی ئەرتەش لە کوردستاندا} ئەو خەتەرەی هەیە کە ببێ {بە هۆی سەرکوت} بەڵام ناشتوانین بلێین با نەبێ.

بۆ لابردنی ئەو خەتەرە ئێمە دەبێ بۆ خۆمان لە فیکری خۆماندا بین کە لە حاڵەتێکی زەروریدا بتوانین دیفاع لە خودموختاری خۆمان بکەین. ئەویش ئەوەیە کە ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە هێزی پێشمەرگە دەبێ هەر لە جێگای خۆی بمێنێ جا چ وەزیفەیەکی دەبێ ئەوە جێگای باسە. ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو مەسەلەی هێزی پێشمەرگە وەک وەزیفەی ژاندارمری و پۆلیس نەبێ، ئەوە با ئۆرگانەکانی دیکە ئەو کارە بکەن و لە خودی کوردستاندا ئینتخاب بکرێن. بەڵام هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی زەخیرە و زیاتر داوتەڵەب، هەموو وەختێک ئامادە بێ کە ئەگەر خەتەرێک بوو دەست بداتە چەک. وەک ئەوەی لە زۆر جێگادا میلیشیا دانراوە و لە حاڵەتی ئیستێسناییدا–تایبەت– ئیستفادەی لێدەکەن. بەڵام ئەو خودموختارییەی کە باسمان کرد ئایا ئیستقلالی ئێران یان تەواوەتی ئەرزی ئێران لە خەتەر دەخا؟ بە نەزەری ئێمە نەک هەر لە خەتەری ناخا بەڵکوو عەکسی ئەوە زۆر تەقویەتیشی دەکا. جا بۆیە ئێمە کە باسی تەواوەتی ئەرزی ئێران دەکەین باکمان نیە چونکە پاش ئەوەی کە ئێمە خودموختاریمان وەرگرت لە تەواوەتی ئەرزی ئێران دیفاع دەکەین.

مەسەلەیەک ئەگەر لە بیرتان بێ وەختێک شەڕی ئێران و عێراق دەستپێکرد، تبقی مەعموول —وەک هەمیشە– زۆربەی رێکخراوەکان {رێکخراوە ئێرانییەکان} {ئەوانەی بە قەول} زیدی ئیمپریالیستی بوون، لە نێو پەرانتێز بوون تووشی لافاوی ناسیۆنالیستی بوون، چوون شەڕیشیان کرد لە گەڵ عێراق. حیزبی ئێمە تەنیا حیزبێک بوو کە رایگەیاند ئێمە حازرین شەڕ بکەین و دیفاعیش بکەین لە مەرزی ئێران، لە تەواوەتی ئەرزی ئێران بە شەرتێک حەقی ئێمە بدرێ، حەقی خودموختاری بدرێ. ئەو وەختە میللەتی کوردیش ئێحساس بەوە دەکا لە چی دیفاع دەکا، ئەگەر ئەوە نەبێ ئێمەش نایکەین. نەشمان کرد، {ئەوانەش کە کردیان} ئێستا پەشیمانن، پەشیمانن لە ئەوەو پەشیمان بوونەوە. ئێمە پەشیمان نین چونکە نەمانکرد. ئەگەر لە بیرتان بێ ئەوانەی وەک موجاهیدین، چریکی فیدایی و حیزبی توودە بەیانییەیان دەردەکرد کە شەهیدیان داوە، ئیفتخاری زۆریان بەوە دەکرد. ئێمە گوتمان ئەو وەختە ئێمە

حازرین لە ئێرانێک دیفاع بکەین کە حەقی میللەتی کوردی تێدا تەئمین بووبێ، بەڵام حازر نین لە حاکمییەتی ئاخوندەکان دیفاع بکەین و دیفاعمان نەکرد. باشە مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە لە تەواوەتی ئەرزی ئێران دیفاع بکەین، . . . بەڵێ لە ئیستقلالی واقعی ئێران دیفاع دەکەین و زۆر باشیشی دەکەین بەڵام ئیستقلالێک کە خودموختاریشی تێدا سەقامگیر بووە، حەقی ئێمەی تێدا تەئمین کراوە. ئەو وەختە دەیکەین و بە دڵیشەوە دەیکەین.

کەوابوو کە ئێمە دەڵێین و ڕووی قسەمان لە وانەیە کە شوڤینیزمن و موخالیفی خودموختارین؛ ئەگەر ئێوە حەقی ئەو میللەتانە و حەقی میللی زۆرلێکراوان بدەن لە واقیعدا جەزبیان دەکەن بەرەو مەرکەز، بەرەو ئەوە کە لە ئێراندا بمێننەوە. چونکە یەک شتی تایبەتیش لە نێو گەلانی ئێراندا هەیە، ئەوەمان لە بیر نەچێ هەموویان تەقریبەن وەک کورد وان. یانێ چی؟ یانێ کورد تەنیا لە ئێران نیە، لە تورکیەش هەیە و لە عێراقیش هەیە، بەلووج تەنیا لە ئێران نیە لە پاکستان و ئەفغانستانیش هەیە، ئازەربایجانیش تەنیا لە ئێران نیە لە یەکیەتی شورەویش هەیە. تورکمەن تەنیا لە ئێران نیە لە شورەویش هەیە، عەرەب تەنیا لە ئێران نیە لە عێراقیش هەیە. یانێ مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر ئەو قودرەتی جەزبە لە تاران پێک نەیە، ئێستا کە نەتەوە زۆرلێکراوەکان وریا بوونەتەوە نەتیجەی ئەوە دەبێ کە عەکسی ئەوە {واتە} گوریز لە مەرکەز — لە ناوەند سڵەمینەوەو ڕاکردن– زیاتر دەبێ. ئەتۆ حەقی نەدەیەی هەر داوای بکا و هەر شەڕ بکا و داوای خودموختاری بکا لە چوارچێوەی ئێراندا، ڕۆژێک ئەویش دەڵێ بابە هەر خودموختاریشم ناوێ، ئەسڵەن جودا دەبمەوە و خوداحافیز.

یانێ هەرچی شەڕەکە درێژتر بێ داواکەت کەمتر قبووڵ بکرێ نەتیجەی ئەوەیە کە {مەسەلەکە} دەگاتە ئەو جێگایە {لە ناوەند سڵەمینەوەو ڕاکردن}. کوردیش مەسەلەن ئەوە نەکا بەلووج ئەوەی دەکا. {بۆ نموونە} من ئیشکالاتی خۆمانم باس کرد، ئیمکانی هەیە بەلووج ئەو ئیشکالاتەی نەبێ بە ئەندازەی ئێمە. ئەو {بەلووج} یەک دوو حوسنی بە نیسبەت ئێمە هەیە کە نامهەوێ لە سەری بڕۆم، مەسەلەن دەریای هەیە ئەوە یەکجار زۆر موهیمە، دووهەم {ئەوان دەکەونە نێوان} پاکستان، ئێران و ئەفغانستان، ئەوە خاوەرمیانە نیە کە کوردی تێدایە، بڕێک دەکەوێتە ئەولاتری {واتە} خاوەری نزیک. . . . لەوێ ئیمکانات وەرگرتن زیاترە هەتا لە کوردستان. کارم بەوە نیە مەبەستم ئەوەیە کە ئەو کەسانە کە بە جیدی و بەڕاستی لایەنگری ئیستقلالی ئێرانن دەبێ لایەنگری خودموختاری بن ئەگەر بە ڕاستی دەیانهەوێ ئەو ئیستقلالە بپارێزن. چونکە ئێستا وەزعەکە وەک جاران نەماوە مەسەلەی میللی ئێستا لە دونیای ئەمڕۆدا موهیمترین مەسەلەیە. لە گەڵ ئەوەی ئەو {مەسەلەیە} لە وڵاتانی سۆسیالیستی نیسبەت بە وڵاتانی سەرمایەداری حەل بووە بەڵام لەوێش هەر شوێنەواری ماوە. لە وڵاتانی سەرمایەداری هەتا ئێستا باش نەبووە.

. . . ئەو جارە کە من سەفەرم کرد بۆ بێلژیک بە تەواوی بۆم دەرکەوت کە ئەسڵەن ئەو ئیختلافە میللییە ڕۆژ بە ڕۆژ لەوێ زیاتر دەبێ، ئەوانەی کە بە زمانی هۆلەندی قسە دەکەن و ئەوانەی کە بە زمانی فەرانسەیی قسە دەکەن ڕۆژ بە ڕۆژ ئیختلافیان زیاتر دەبێ. بە هەموو {شێوەیەک} بە نووسین، بە تەزاهورات–خۆپیشاندان– بە ئینتخابات بە گۆڕینی قانوونی ئەساسی و زۆر {شێوەی} دیکە خەباتی بۆ دەکرێ. مەبەستم ئەوەیە کە ئێستا وەزعەکە بەرەو ئەوە دەڕوا. ئەگەر لە ئێرانی دوارۆژدا پاش ڕووخانی ڕژێمی خومەینی، هێزەکان دیارە لە ئێران زیاتر ئازاد دەبن. ئەوەی کە ئێمە لە کوردستاندا پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی هەمانبوو، تەقریبەن وەزعێکی ئاوا ئیمکانی هەیە لە بەلووجستان پێکبێ پاش ڕووخانی ڕژێمی خومەینی. چونکە لەوێ بەرە بەرە ئاگاهی دەچێتە سەرێ، ڕێکخراوی واشیان بەرە بەرە بۆ پەیدا بووە. لە نەتیجەدا ئازەربایجانیش ئیمکانی هەیە وابێ، عەرەبستانیش وابێ. نەتیجە ئەوە دەبێ ئەگەر حەقی میللەتان نەدرێ ئەو وەختە دیارە مەسەلەی —سڵەمینەوەو ڕاکردن لە ناوەند– دێتە پێشێ. یانێ ئەگەر دەتهەوێ ئیستقلالی ئێران بپارێزی، دەبێ حەقیان بدەی. ئەگەر بەڕاستی حەقیان نەدەی، ئیستقلالی ئێران وەخەتەر دەکەوێ. ئەو وەختە تەواوەتی ئەرزی ئێران وەخەتەر دەکەوێ نە ئەو وەختە خودموختاری بە کورد بدرێ. ئەو وەختە کە خودموختاری بە کورد نەدرێ، ئەوە شێوە ئیستیدلالی ئێمەیەو و ئیستیدلالێکی دروستە، بە تایبەتی بۆ دوارۆژ. کەوابوو ئێمە کە خودموختاریمان دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا ئەوە ڕاست موخالیفی تەجزیەتەڵەبییە — جیاوازیخوازی–. لە پاشان ئێمە ڕۆژ ئەوەڵ گوتمان و ئێمە ئەوەمان حەتا لە شوورا {شوورای بەرگری میللی، موجاهیدین، بەنی سەدر، حدکا و. . . } لە جێگای دیکە ڕاگەیاند کە {کورد} حەقی جودابوونەوەی هەیە. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . **درێژەی هەیە**

تێبینی کوردستان نێت: ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.